# ڕەخنە کردنی حەقیقەت*

عەلی حەرب
وەرگێرانی لەعەرەبییەوە: عەدالەت عەبدوڵڵا



زۆرجار ، لای خاوەن بیرو باوەڕ و ئاینزاکان ، داواکردنی حەقیقەت دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی خودی حەقیقەت . لەمەدا ، کۆنەکان و تازەکان و ، لاهۆتی‌یەکان و عەلمانی‌یەکان ، یەکسانن ، چونکە هەر گروپێك لە هەڵوێستی پێشوەخت و ڕاشکاو و چوارچێوەدارەوە پێودان دەگرێت ، هەڵوێستێکمان مەبەستە کە لەسەر دوورخستنەوەی گروپەکەی تر ڕادەوەستێت " دوورخستنەوەی لە بازنەی حەقیقەت و هیدایەت و ، فڕێ دانی بۆ بازنەی هەڵەو تاریکی.

ئەوانەش کە داوای حەقیقەت دەکەن هەر ئەم دوورخستنەوە ئاڵوگۆڕکراوە پەیڕەو دەکەن ، چونکە مانای حەقیقەت ، لای ئەوان ، بریتی‌یە لە خودی نکۆڵی کردن و دوورخستنەوە ( استبعاد ) . ئەوان وا حەقیقەت وێنا دەکەن کە شتێکی ڕەها بێت ، شتێك کە بابەتێکی ئامادەیە و دەتوانرێ بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست و کۆتایی ، بزانرێت و بە دەست بهێنرێت . لای ئەوان ، ئەمە وا کەتۆتەوە کە نکۆڵی لە مەودای مێژوویی‌یانەی چالاکیی مەعریفی و مۆرکە ڕێژەیی‌یەکەی وسەرچاوە مرۆیی‌یەکەی ، بکەن . کەواتە ئەوان لە ئاستی زانیندا لە یەکتر جیاوازن ، بەڵام تێگەیشتنیان بۆ حەقیقەت یەك شتە . حەقیقەتیش لای ئەوان تاکڕەهەند و سادەیە ، واتە لاهۆتی و میتایی‌یە ( واتە لە پشتی سروشتی شتەکانەوەیە ) ، لە سەرو ئەمەشەوە ، ئەم چەمکە ، واتە حەقیقەت ، بە هەمان شێوە ، لە بازنەی توێژینەوە و بیرکردنەوە دوور خراوەتەوە .

حەقیقەت چەمکێکە بیری لێ نەکراوەتەوە و لە گوتارەکانی کاهینەکانی حەقیقەت و ئەو ئەمیندارانەی کە بەرگریی لێ دەکەن ، بێ دەنگیی لێ کراوە ، چونکە چەمکی حەقیقەت ، ئەو بەڵگەنەویستەیە کە گوتراوەکانیانی لەسەر دادەمەزرێت . شتی بەڵگەنەویستیش هەمیشە پەردە پۆش دەکرێت و دوور دەخرێتەوە ، پێ دەچێ بە بۆنەی فرە ڕوونێتیی و ئاشکرایی‌یەکەیشی بێت کە پەردە پۆش دەکرێت .

بەم شێوەیە ، گوتاری حەقیقەت ، لە فۆرمە سوونەتی‌یەکانیدا ، هەڵدەستێت بە پیادەی کردنی پرۆسەی نکۆڵی کردنێکی ئاوێتە کە سێ ئاستی هەیە : نکۆڵی کردن لەوەی کە خەڵکی تر بڕێك لەسەر هەق بێت ، ئەم نکۆڵی‌یەش لەلایەن هەریەکە لەوانەوە دەکرێت کە جیاوازن لە یەکتر یان لە مشت مڕدان ، لێکدەرەوەی ئەم هەڵوێستەش ئەوەیە " هەمووان نکۆڵی لەوە دەکەن کە حەقیقەت مەرجبەند و ( مشروگە ) بەشەکی (جزئیە ) و گۆڕاو ( متغیر )و دروستکراو بێت ( مصنوعە ) . ئەم نکۆڵی کردنەی دواییش نکۆڵی کردنێکە ئەوەی دایدەپۆشێ و دایدەمەزرێنێت دوورخستنەوەی خودی چەمکی حەقیقەتە لە بواری ناکۆکی و تاو و توێ کردن ، ئەمەش بەو

نیگایـەی کـە ئـەو چـەمکە ، واتـە حەقیقـەت ، چـەمکێکی بەڵگەنەویسـتە و لـە سـەرو مشـت و مڕەوەیە .

لێـرەوە ، ڕەخنـەی ڕاسـتەقینە داوامـان لێ دەکات ، پێش هـەر ڕەخنەیەکی تر ، ڕەخنەی ئەو چەمکە بکەین کە بۆ حەقیقەت هەمانە . ئەم ڕەخنەیـەش بۆمـانی دەردەخـات کـە مەسـەلەی حەقیقـەت مەسـەلەی سـەرکەوتنی هـەق نییـە بەسـەر ناهەقـدا ئەوەنـدەی کـە گەمەیەکـە بـۆ جیاوازی کـردن لـە نێوان ڕاست و هەڵـەدا یان هیدایـەت و تاریکیـدا ، گەمەیـەك کـە تیایـدا ئەوەی مەعریفییەو ئەوەی دەسەڵاتخوازییە و ئـەوەی حەزبازییـە ، بەیەکـدا دەدەن . ئـەو ، مەبەستم حەقیقەتە ، بۆخۆی بۆمانی دەردەخات کـە مێـژووی حەقیقـەت مێـژووی پێشـکەوتنی عـەقڵ نییـە بەسـەر وەهـم و، مێـژووی پێشـکەوتنی زانـین ( معرفـە ) نییـە بەسـەر نەزانیندا ( جهل ) ئەوەندەی کە مێژوویەکە بۆ ئەزموونگەلێکی گوتارخوازیی تیۆرییانە ، یان هەڵسـوکەوتی پراکتیکییانـە ، ئەزموونگـەلێك کـە لەسـەر ئـەوە ڕادەوەسـتێت چـی دەخرێتـە پـێش ئـەویتر و چـی باشـترە و چـی پـاکترە ، ئەزموونگەلێك

کـە میکـانیزمی خۆیشـی بـەکار دەهێنێـت لـە پەردەپۆشکردن و بێ بەشکردن و پەراوێزخستن . ئـەوەی دەبێتـە گـەواهیش بـۆ ئـەم بۆچـوونە ئەوەیـــە " دوای ئـــەو کەڵەکەکردنـــە زۆرو زەوەنـــدەی زانینـــەکان و( المعـــارف ) ئـــەو پەرەسـەندنە سەرسـوڕمێنەی بـواری زانیـاری ، بازنـەی نـەزانین ( جهـل ) تەنگەبـەر نەبۆتـەوە ئەگەر نەڵێین فراوان دەبێتەوە . هەر بە ڕاستیش وا دەرئەکـەوێت هـیچ شـتێك بـە شـێوەیەکی یەکلاکـەرەوەو کۆتـایی چارەسـەر ناکرێـت ، بـە ڵکـو بـە پێچـەوانەوە ، هـەموو شـتێك ، بـە شێوەیەکی کـاتی و بەشـەکی ( جزئـی ) و وەك هەستان بە کارێك ، چارەسـەر دەکرێت . لەبـەر ئەوە وا دەردەکەوێت کە حەقیقەت کەمترە لەو حەقیقەتییـەی کـە مەبەسـتە . لـەم ڕووەوە حەقیقەتی حەقیقەت ئەوەیە کە لۆژیکیی نییە ئەوەنـدەی کـە کردەوەکارییـە ( عملانیـە ) . حەقیقـەت بابـەت و ماتـەری زانـین ( المعرفـە ) نییە ئەوەندەی کە کەرەستەو میکـانیزمێتی . دەشـتوانرێ قسـەکردن لەسـەر مەسـەلەی حەقیقەت بەم بنەمایەش وەربگێڕدرێت : } هیچ کەسێك ڕاسـت نییـەو هـیچ کەسێکیش هەڵـە نییە { .

بـەڕای منـیش ، ئـەم بنەمایـە ئـەو بنچـینەیە پێك دەهێنێت کە مـافی جیـاوازبوونی لـە سـەر دادەمەزرێت . حاڵەتەکەش ئەوەیە " سەلماندنم بۆ مافت لـەوەدا کـە لـە بیرو ڕاو بـاوەڕدا یـان ڕێبـاز و شێوازدا لێم جیـاوازی و، سـەلماندنت بۆ من بۆ هـەمان مـاف ، بـە مانـای باوەڕهێنـانی هەریەکێکمانە بەوەی حەق لـەلای ئـەو نییـە بـە تـەنها و ، بـە مانـای ئەوەشـە هـیچ دەقێك یـان لێکدانەوەیـەك بـۆ زانینـی حەقیقـەت لـە پێشـتر نییـەو ، هـەروا هـیچ بیروباوەڕێك ناتوانێت بـە

تەنها هەر خۆی حەقیقەت قۆرخ بکات و، هیچ قوتابخانە یان تیۆرێکیش ناتوانێت تەنها سەرچاوە بێت بۆ زانین .

ناتوانرێ دیالۆکیش بکرێت یان نێوانی شوناس و ئینتیما جیاوازەکان یان ناکۆکەکان لێك نزیك بکرێتەوە تەنها لە سەر بنەمای داننان بەکتردا نەبێت ، دان نانێك کە پێویست دەکات هەریەکەو دان بەوەدا بنێت بۆ ئەویتر کە حەقیقەتی تایبەتی و مافی ئەرکداری خۆی هەیە ، واتە وەك ئەوەی لاهۆتیەیەك هەقانەتی عەلمانیەیەك بسەلمێنێت و بە پێچەوانەشەوە ، یان ڕۆژئاوایی دان بە مرۆڤدۆستیی خەڵکی تردا بنێت ، واتە دان بەوەدا بنێت کە ئەویش وەکو ئەو ، وەك مرۆڤێك ، مافی هەیەو بە پێچەوانەشەوە ، یان ئەوەی کە سەربە میللەتێکی دیاریکراوە یان سەربە بیروباوەڕێکی تایبەتە دان بەوەدا بنێت کە میللەتان و بیروباوەڕەکانی تریش باوەڕداریێتی و ڕەوایەتی خۆیان هەیە . یان خاوەن قوتابخانە و ڕێبازەکان ئەوە بسەلمێنن کە هەموو قوتابخانەیەك ڕاستگۆییی خۆی هەیە و هەموو ڕێبازێکیش کارکرد و سوودی خۆی هەیە .

ئا ئەمەیە ئاکامی مافی جیاوازبوون : واتە کەسێکمان هەبێت دەست لەو بۆچوونە هەڵگرێت کە کلیلەکانی زانستی سڤیلیی ( المدنی ) هەیەو لایە ، دەست هەڵگرێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەو بۆچوونەی کە بنەڕەت و پرەنسیپ و زانینەکانی تەنها نزیککاریەیەکە بۆ نزیك بوونەوە لە واقع یان لێکدانەوەیەکە بۆ ڕووداوەکان یان ڕاڤەیەکە بۆ دەقەکان ، یاخود تەنها فۆرمێکە لە فۆرمەکانی سەوداکردن لەگەڵ خود و خەڵکی تر و جیهاندا . بە مامەڵەکردنیشمان لەگەڵ مەسەکاندا، بەم کراوەییە، ئەو بنەما کۆنە تێدەپەڕێنین کە شتی ڕاستی وەك پێوەرێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت بۆ جیاوازی کردن لە نێوان هەق و ناهەقدا یان لە نێوان ڕاست و درۆدا یان لە نێوان هیدایەت و تاریکیدا . تەماشاکردنی ڕاستی ، بەو پێوەرە ، دەشێت ، لە سەر ئاستی پەروەردەیی ، ڕاست بێت بەو پێودانەی نیاز تیایدا ئەوەیە هەڵسوکەوتی تاك ڕاست بکرێتەوەو ئاراستە بکرێت . دەشێت لە سەر ئاستی مافپەروەری و یاسایی -ش ڕاست بێت بەو پێیەی پێویستە ناکۆکیی نێوان رکابەرەکان بەلایەکدا بخرێت . هەروا دەشێت لەسەر ئاستی زانستی-یش ڕاست بێت هەروەك لەو تاو وتوێکردن و مشت و مڕانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە نێوان زاناکانداو لە بارەی ڕاستی و دروستیی گریمانەکانەوە یان شیاوێتیی تیۆرەکانەوە ، ڕوودەدەن . تەنانەت لەسەر ئەم ئاستەش ، دەبینین تۆژەرەکانی بواری بنەڕەتی زانست و زانین لێبڕاو حوکم نادەن ، بەڵکو وازیان لە وێناکردنی ئیمپریالیانەی خۆیان بۆ حەقیقەت : وەك گشتگیرێکی تاکرهەند ، هێناوە و ،

دایانشکاندۆتەوە بە لای وێناکردنێکی دیکەی کراوەدا کە دەڵێ : حەقیقەت بوونێکی ڕێژەیی و گوازەرەوە ( إنتقالی )و فرەڕەهەندی هەیەو ئەستەمە سنوری بۆ دابنرێت ، ئەمەش بە بۆنەی مۆرکە گرفتاوی و ناکۆککاریی‌یەکەیەوە .

هەرچیەك بێت ، گرنگ ئەوەیە پێوەری بنەڕەتخوازیی ئیپستمۆلۆژی لەسەر ئاستی وجودی و ئەنتۆلۆژی ، واتە لەسەر ئاستی پەیوەندیی‌یەکانی نێوان کولتوورەکان و فۆرمە شارستانی‌یەکاندا ، ڕاست دەرناچێت ، ئەمەش بەو پێودانەی هەموو شوناسێکی کولتووری سەرمایەیەکی سیمبولی یان ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی کەلەپووری مرۆیی پێك دەهێنێت و ، بەو پێودانەش کە هەموو فۆرمێکی شارستانیش دەوڵەمەندکردنی ژیانەو گەشەپێدانیشە بە بوونەوەرێتیی بوونەوەر . لەسەر ئەم ئاستە ، واتە ئاستی ئەنتۆلۆژی ، شتەکە مەسەلەی جیاوازیکردن لە نێوان ڕاست و درۆ یان هەڵەو ڕاست ، تێدەپەڕێنێت . ئەلێرەدا ناتوانرێت لەو بنەمایەوە پێودان بگیرێت کە دەڵێ : من یان تۆ لەسەر هیدایەت یان لە تاریکیداین ، دەنا ئەگەرو توانای دیالۆك سەرنگوم دەبێ و بەهای نامێنێت ، چونکە مەرجی دیالۆکی ڕاستەقینە ئاڵوگۆڕی داننانە بە یەکتر ( الأعتراف المتبادل). دیالۆك کاراو سوودبەخش نابێت تەنها مەگەر بەوەی ئەوانەی کە دیالۆك دەکەن لەگەڵ یەکدا کارلێك بکەن بە شێوەیەك کە ببێتە هۆی ئەوەی یەکێك سوود لەوی تر وەربگرێت و پێی دەوڵەمەند بێت بە جۆرێك دوای دیالۆك کۆتاییی‌یەکەی جیاوازبێت لەوەی دەستی پێ کرد ، بەم شێوەیەش گۆڕانێك لە خودی خۆیدا بکا و، کارێك بۆ نوێکردنەوەی خۆی و سەرلەنوێ بنیاد نانەوەی، بکات .

لەم ڕووەوە ، هیچ دیالۆکێك بەبێ گۆڕینەوە نابێت ، هیچ گۆڕینەوەیەکیش بەبێ ئاڵوگۆڕکردنی دان بەیەکدانان ، واتە بەبێ سەلماندنی مافی جیاوازبوون، نابێت . ئەم مافەش پاڵمان پێوە دەنێت چەمکی خۆمان بۆ حەقیقەت بگۆڕین بە جۆرێك وەها نەچێتە عەقڵەوە کە گەوهەرێکی سەقامگیرە و لە ئەزەلەوە هەیە و دەکەوێتە سەرو ئەزموون و پێشی دەکەوێت ، بەڵکو وەها تێبگەیشترێت و پەیڕەوی لێ بکرێت وەك ئەوەی بوونێکە فۆرم و دەرکەوتەکانی جیاوازن ، یان ڕووداوێکە خوێندنەوەو فۆرمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا فرەو زۆروزەوەندن ، یان دەقێکە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنەکانی و ڕێبازەکانی وەبەرهێنانی (استثمارە) جیاکارن . حەقیقەت ، لەم ڕووەوە ، دەشێت تەنها سیستمێك بێت بۆ تاقی کردنەوە یان دەرکارێك بێت بۆ شی کردنەوەو لێکدانەوە . حەقیقەت سیستمێکە لە بیروباوەڕ یان ڕەوتێکە لەو شتانەی بە شتی ئاسایی وەردەگیرێن یان چوارچێوەیەکی مەرجەعیی‌یە بۆ نیگاگرتن یان جۆرێکی ڕەسەن بۆ کارکردن. ئەگەر بشمانەوێت لە سەر ئاستی

پەیوەندیی نێوان من و ئەویتر تاو و تویّی بکەین ، ئەوە دەتوانین بڵێین : پەیڕەوکردنی کەسێکمانە لە شوناسی خۆی ، واتە پەیڕەوی کردن لە جیاوازیی خۆی لە خەڵکی تر بە جۆرێك کە نزیکی بکاتەوە لەو خەڵکی ترەو یەکسانی بکا پێی بەڵام لە میانەی سازشێکی دیاری کراوەوە.

ئەگەر حەقیقەتیش ، بە مانایەك لە ماناکان ، وەکیەکی بێت ، واتە یەکسانی ، ئەوە یەکسانی ، وەك دەردەکەوێت ، بەدی نایەت تەنها وەك ڕێگەچارەیەك نەبێت ، ڕێگەچارە لە نێوان عەقڵ و حەز ، یان لە نێوان بنەما و ئارەزوو ، یان لە نێوان پیرۆزی و توندو تیژی ، یان لە نێوان ئاینداری و کوفردا ، یان لە نێوان هەق و هێزدا ، یان لە نێوان من و تۆدا . ئەمە لەزیاتر لە بوارێك و بە گەڕانەوە بۆ زیاتر لە نموونەیەك بەدیاردەکەوێت : لەم بوارەدا ئێمەی ئادەمیزاد سەرزەنشتی پەرستنی بتەکان دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا لە پەرستنی سەرگەورەکانمان ناکەوین و وازیش ناهێنین لە وەرچەرخاندنی گوتراو و دەقەکانمان بۆ بت هەرچییەك بێت لە بتەکانی جاهلیەت ، هەروەها ئێمە نوێژ دەکەین و نەفرەت دەکەین و کڕنۆش دەبەین ، بەڵام هەمیشە ئامادەباشین بۆ داپڵۆسینی ئەوەی هەڕەشە لە دەسەڵاتمان دەکات یان هەڵەو نەنگی‌یەکانمان دەدۆزێتەوە .

لە دواییدا و هیچی تر نا ، ئا ئەوەتا مرۆڤ ئێستا پەیڕەوی لە جیهانییەتی خۆی دەکات ، شتێك کە لەمەوبەر ڕووی نەداوە ، جیهانییەتی خۆیمان مەبەستە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی و بەکارهێنانی کەرەستە و تەکنیکەکاندا ، کەچی ، لە ئاستی تردا ، پەیڕەوی لە شوناسی خۆی دەکات تا ڕادەی جیاوازیی وەحشی‌یانە و بە چۆنایەتی‌یەکی ڕەگەزپەرستانەو فاشی‌یانە . بە ڕاستی وایە کە ئەمڕۆ جیهان ، لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە ، بۆتە یەك گوند ، بەڵام ئەم یەکبوونە ڕێ لە هیچ یەکێك ناگرێت بە دوای خێڵێکدا بگەڕێت ، لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە یان ئابووری‌یەوە یان سیاسی‌یەوە یان ئایدیۆلۆژیەوە ، پەیوەنیی پێوە بکات . بە کورتی قسە ئەوەیە : وا دەردەکەوێت حەقیقەت هەمیشە کەمتر ڕاستگۆ و جێ متمانەیە وەك پێی دەچین . حەقیقەت دەکرێت وەك ڕێگە چارەیەك بخوێنرێتەوە کە پێگەکانی بریتی‌یە لە جیاوازی و پارادۆکس ( المفارقە ) و پێك ناکۆکی و بگرە گرژی-یش . ئەوانەش کە باس لە حەقیقەتێکی سەقامگیر و جێگرتوو دەکەن و لافی ئەوە لێ دەدەن کلیلەکانی لەلایانە ، ئەوە ئەوان یەکەمین خەڵکن کە حەقیقەت بە درۆیان دەخاتەوە و واقع تووشی شۆك( صدمە )یان ، دەکات .

* ئەم بابەتە یەکێکە لەو ووتارە سەرنجڕاکێشانەی کە بیرمەندی لوبنانی ( عەلی حەرب ) لە کتێبی ( أسئلە الحقیقە و رهانات الفکر ) دا و لە لاپەڕە ٩٧ و ٩٨ و ٩٩ و ١٠٠ دا نووسیویەتی ..